کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
10-5-2007 22:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تیرۆر لەدەرگای ماڵەکانمانە پێویستە خۆمان دووری بخەینەوە ... حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

husin966@yahoo. com

لە رۆژی 9ی ئایاری ساڵی 2007 جارێکی تر شەشەمە کوێرەکان ئەوانەی چاویان روناکی نابینێت و عەودالْ و شەیدای تاریکین و ئۆخژنیان بە خوێن رشتن و رەشپۆشی خەڵکدا دێت دەستی نەگریس و چەپەڵیان گەیشتەوە پیرە شاری هەولێر، ئەمە یەکەم و دوا کاری تیرۆرستی نەبووە و نابێت چونکە کورد گوتەنی: ((ئەوەی نزیك کورە بێت پریشکی ئاگری بەر دەگەوێت))، هەرێمەکەی ئێمە لە چوارچێوەی ئێراقێکدایە کە وەکو مەنجەنیق جۆشی وەرگرتووە و دەکوڵێت و خوێن رشتن لە هەموو شتێك تێدا هەرزانترە، هەموو سنورەکانمان کراوە و وازە لە بەردەم هاتنی ئەوانەی لە خوار و ناوەڕاستی ئێراق دەژێن کە بەشێکیان لە تاو مەرگ بۆ کوردستان هەڵدێن و بەشێکی تریان مەرگ بۆ خەڵکی ئاشتی خوازی کوردستان دەهێنن، نیەت و سینەمان سافە و دڵمان پاکە و بە سۆز و میهربانیەوە یارمەتی و داڵدەی لێقەوماوان دەدەین، هەندێك لە پەنا و سایەی ئەوانەی کە لە تاو مەرگ دێنە کوردستان خۆیان مەڵاس و حەشارداوە و لە پەنای قۆستنەوەی ئەو بەزەیانەوە زەفەرمان پێدێنن و جوانیەکان و بەها مرۆیەکان و مرۆڤدۆستانەمان لە بەرچاو تاریك و ناشرین دەکەن.

چوار دەورمان وڵاتانێکن جگە لەوەی چاویان بەرای نادات کوردستان ئاوەدان و ئارام ببینن وڵاتەکانیشیان بووەتە مەئوا و لانەی تیرۆرستان و دەست لە پشتی ئەو گروپ و باندە تیرۆرستانە دەدەن و کۆمەکیان دەکەن تاکو ژیانی ئارامی و ئاسودەی لە حکومەتی هەرێم و دانیشتوانی کوردستان تێك بدەن، گەلی کورد نابەزی چونکە نەهامەتی وماڵوێرانی و کوشت و بڕی زۆری دی و بەربەرەکانی کرد، خاراوی ئەو زۆرانبازیەیە کە نازانی کۆڵدان چییە و ئامبازی گشت دیاردە ناشرینەکان دەبێتەوە و بۆ ئامانجەکانی تێدەکۆشی و دژی هەموو کارە قیزەون و نامرۆڤانەکان رادەوەستێت و بەرەو زبڵدانی مێژوو توڕیان هەڵدەدات.

لەمەولا دەبێت هەموو هاووڵاتیانی کوردستان چاوکراوە بن بۆ هەر دەستێکی ڕەش کە دەیەوێت مار ئاسا بمانگەزێت و گەرای تیرۆر لە خەکەکەماندا دابنێت، دەبێت هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە خۆی بە ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ بزانێت بە هوشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ دیاردە نامۆ و قیزەونەکاندا بکات، دەبێت گشتمان هەست بەبەرپرسیاریەتی بکەین بەرامبەر بە ویژدانی خۆمان چونکە بیدەنگیمان لە ئاست هەر کارێك لەو بابەتانە کە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن بۆ رەشە کوژی و قەتڵ و عامکردنی خەڵکی ئەوا شەریکی تاوانەکەین، چۆنکە ئەم پاپۆڕە غەرق بێت هەموومان دەخنکێین، ئێمە جاران خوا و چیاکان دۆست و پشتمان بوون ئەبێت ئەمڕۆش پشت بە خۆمان ببەستین (چونکە ئەمە هەر بەخۆمان دەکرێت) تاکو ئاگری شەڕی تیرۆرستان دزە نەکاتە ناو ماڵەکانمانەوە و ژیانمان لێبکاتە زەقنەبوت.

پێویستە حکومەتی کوردستان لەمەودا رێگا چارەیەکی تر هەڵبژێری بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە باشور و ناوەڕاستی ئێراقەوە روو دەکەنە هەرێمی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.